بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی‌یەوە

لە پێناوی لەچاپ دانەوەی گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یە کەمیابەکاندا

محمدی مەلا کرم

بیست‌ودووی نیسان لە مێژووی نوێی گەلی کوردا رۆژێکی تایبەتی‌یە. رۆژێکە شەقلی یەکێ لە هەنگاوە گەورەکانی دەست‌پێکردنی گواستنەوەی مێژوویی ئەم گەلەی بۆ ژیانی نوێ، وەك رۆژی رووناك، بە ناوچاوەوە دیارە، چونکە رۆژی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەیە لە مێژووی گەلی کوردا.

دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەیش، لە مێژووی هەرگەلێکدا، بەتایبەتی لە چەرخی نوێدا، هەنگاوی کاریگەری یەکەمە بەرەو گەیاندنی دەنگی هوشیارکردنەوە بە هەموو نەتەوەدا، بە هەموو ئەوانەدا بە یەك زمان ئەدون لە ولاتێکداو ئامانجێکی – یا کۆمەلە ئامانجێکی – سەرەکی، سەرەرای هەموو جیاوازی‌و ناکۆکی‌یەکی نێوانیان، کۆیان‌ئەکاتەوە. کەواتە دەرکردنی رۆژنامەیەك بۆ هەموو نەتەوە نیشانەی هەستە بە بوونی نەتەوەکە، بە ئامانجی یەکگرتووی، بە چارەنوسی پێکەوەی.. چەکی خەباتە بۆ وشیارکردنەوەی سەرانسەری نەتەوە لەئاست مەبەستی پێکەوەی هەموو رۆلەکانی‌و ئەنجا بۆ کۆکردنەوەو رێکخستن‌و خستنە کۆری خەباتیان بۆ وەدەست‌هێنانی ئەو مەبەستەی هەموان. لەمەوەیە پێشەنگانی خەباتی ئازادی‌بەخشی هەر گەلێك بگری لە قۆناغی یەکەمی هاتنە مەیدانیانەوە، کەوتوونەتە هەول‌و تەقەلای دەرکردنی رۆژنامەیەکی سەرانسەری کە دەنگی دلێریان بە هەموو کون‌و قوژبنێکی ولاتەکەیان‌و بە هەموو رۆلەکانی گەلەکەیانا بگەیەنێ.

گەورەیی ئەم ئەرکەو پیرۆزیی ئەم نامەیەی رۆژنامەیش، هەرگیز ئەوە هیچی لێ کەم‌ناکاتەوە ئەگەر لە قۆناغی‌یەکەمی بلاوبوونەوەیا، بە سەنگ‌و ترازووی تێگەیشتنی لەوەپاش، لە رووی هونەرو شێوەو پەل‌هاویشتنی بابەتەکانیەوە، گەلێ لەخوار ئاستی مەزنی‌و بایەخداریی ئامانجەوە بووبێ. لەئاست ئەرکدا بوونی رۆژنامە بەوە دەست‌نیشان ئەکرێ ئاخۆ لەگەل یەکەمین بەرەبەیانەکانی سەرهەلدان‌و پشکووتنیا توانیویە شانەلقەی خەبات‌و ئامانجی سەرەکی دەست‌نیشان بکا، یا

هەر هیچ نەبێ ڕێگای دەست‌نیشان کردنی بگرێتەبەر . جا بەم پێودانە ، لەو ڕووەوە ناڵێم کە ڕۆژنامەنووسێکی کوردم‌و هەموو شان‌و شکۆو سەربەرزی‌یەکی ڕۆژنامەنووسیم بۆ ڕۆژنامەی تێکۆشەری کوردی ئەوێ‌و ، خۆشەویسترین ڕۆژانی ژیانم بەلامەوە ئەو ڕۆژانەمە لە کاری سەخت‌و دژواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا شەونوخونیم کێشاوە لەپێناوی وەدی‌هێنانی برایەتیی هەموو تێکۆشەرانی گەلدا ، بەڵکو وەك ڕۆشنبیرێکی - ئەگەر هەبێ - بێ‌لایەن قسە ئەکەم : ڕۆژنامەی (کوردستان)ی یەکەم پێش‌قەرەوڵی خەباتی ئازادی‌بەخشی کورد ، بە بەراورد لەگەڵ یەکەم ڕۆژنامەی زۆر گەلی‌تر ، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە ، لەم مەیدانەدا لە ڕیزی پێشەوە بووە . ئەوەتە دروشمی ژێر ناوەکەی لە ژمارە (١)یەوە تا ژمارە (٣)ی ئەوە بووە : «هانی‌کوردان ئەدا بۆ وریابوونەوەو فێربوونی سنعات» چونکە چاوێکی دانەرەکەی لە وڵاتە پاشکەوتووە دیلی داب‌و نەریت‌و ڕژێمی ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستەکەی خۆی‌و ، ئەو چاوەکەی لە ئەورووپای سەدەکانی پاش چەرخی ڕێنیسانس‌و شۆڕشی پیشەسازی‌و تێکدانی دام‌و دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەرەبەگی‌و ئاوەدان‌کردنەوەی وڵات‌و گەشەکردنی خوێندەواری‌و هونەرو سنعاتکاری بووە . پاشانیش ئەو دروشمە بووە بەوە کە : «هانی کوردان ئەدا بۆ دەست‌خستنی زانست‌و هونەرو ، ئامۆژگاری‌و ئەدەبیاتیشی تیایە» ، کە واتای ئەمیش لە هەندێ ڕووەوە ، لە واتای دروشمەکەی پێشوو بەدەرەتانترە . بێ‌گومان ئەگەر بە چاوێکی ورد سەیری مەسەلەکە بکەین تێ‌ئەگەین ئەم دروشمە ڕادیکاڵی‌یانە خۆی نانوێنێ ، بەڵام خۆ دروشمێکە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی زەمینەی مایەیی (مادی) پێشکەوتن بنیات‌نراوە .

* * * * * *

ژیانی ڕۆژانەی کوردستانی چەرخی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ، ئەوەندەی پێوەندی بە خۆی‌و دانیشتووانیەوە بێ ، هیچ بنەمایەکی ڕەخساوی دامەزراندنی ژیانی نوێی تیا نەبوە . تەنانەت کە کۆمەڵێ ڕۆشنبیریش بیریان لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك کردووەتەوە خەڵکەکەی پێ وشیار بکەنەوە ، لەناوخۆداو بەڵکو لە پێتەختی داگیرکەرانی وڵاتەکەشیانا ئەو تواناو دەسەڵاتەیان نەبوە ڕۆژنامەکە دەرکەن‌و ، ناچار پەنایان بردووەتە بەر وڵاتێکی دۆست‌و ئارادەیەك هاودەردو بەڵام دەرەتان بۆ ڕەخساو ، کە قاهیرەی پێتەختی میسر ، پێتەختی ساڵەهای ئەیووبی‌یە کوردەکانە . ئەمە ، هەر لە یەکەم نیازی هەنگاو هەڵهێنانەوەوە بە ڕێگای دامەزراندنی ڕۆژنامەی کوردیدا ، وەك یەك دوو جاری‌تریش لە هەندێ نووسینمدا لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌یەوە ئیشارەتم بۆ کردووە ، دوو ڕاستیی گەلێ بایەخداری فێری ئەو ڕۆشنبیرانە کردووە : ڕاستیی یەکەم پێویستیی بوونی ئازادیی دیموکراتی‌یە بۆ هەرجۆرە هەڵسوورانێکی ئەوتۆ کە مەبەست بێ لەناو جەماوەرداو لە چوارچێوەی خەباتی هێدیدا بکرێ ، کە لە ئەستەموولێ نەبوەو لە قاهیرە بووە . دووەمیش هاوکاری‌و پشتی یەك گرتنی گەلانی هاودەردە کە ئەوەتە نوێنەرانی گەلی میسری برا پێشکەشی نوێنەرانی گەلی کوردیان کرد . ئەم دوو ڕاستی‌یە کە پێشەنگانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ یەکەم هەنگاو هەڵهێنانەوەیاندا بە ڕێگای بنیات‌نانی ڕۆژنامەی تێکۆشەری کوردیدا وەك دوو دەرز فێری بوون ، ئیستاش وەك ئەو کاتەو بەڵکو لەوکاتەیش گەشترو زەقتر بایەخی خۆیان پیشان‌ئەدەن‌و ، ئەتوانم بڵێم گەلێ لەوکارەساتە سەختانەی لە مێژووی نوێی گەلی کوردا تووشی ئەم گەلە هاتوون ، لەبایەخ پێ‌نەدان‌و پشت‌گوێ خستنی ئەم دوو دەرزەوە تووشی هاتوون .

* * * * * * *

وەك ئەوانەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌یان لە مێژووی گەلی کوردا دەرکرد ، هەموو ئەوانەیش پاش ئەوان ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی‌یان بۆ سوودی گەلی کورد دەرکردووە ، تا ئەمڕۆیش چاوێکیان لە جیهان‌و چاوێکیان لە کوردستان بووە . بەو چاوەی جیهانیان پێ دیوە ، گەشەکردنی هەموو سەرێکی

ژین ، دەستنیشان کردنو جیاکردنەوەی ئەرکو پێویستیی جۆربەجۆرو ڕێکخستنو ڕیزکردنیان بەگوێرەی پێوەندیان لەناو خۆیاناو نزیكو دووری‌یان لەیەکەوە ، دیاری‌کردنی بەرپرسو گەیێن بۆ هەریەکە یا هەر کۆمەڵێکیانیان دیوەو ، شیفتەو شەیدای ئەو جۆرە پێشکەوتووەی ڕێکوپێکی‌و کارراپەڕاندن بوون . بەم چاوەکەشیان کە کوردستانەکەی خۆیانیان پێ دیوە ، لە سەرەتادا بێبەشی لە هەموو خێرو خۆشی‌یەك ، بەبوونی هیچ جۆرە دەزگایەکی نوێ ، بێ‌پێوەندی بە هیچ ڕوویەکی ژیانی نوێ‌یانەوە دیوە . پاشانیش کە وردە وردە بەپێی گەشەکردنی ژیانی گشتی‌و لەئەنجامی خەباتی گەل خۆیدا ، چەردەیەکی نیوەو ناتەواوی هەندێ دیمەنی پێشکەوتن گەیشتووەتە کوردستانیش ، ئەوەیان هەمیشە بەرِوودا هەڵزەقیوەتەوە کە ئەوەی هەیشە قۆناغەها لەخوار ئاستی ئەوەوەیە کە ئەبێ ببێ . کە دەستیشیان نەگەیشتووەتە هیچ‌لایەکو چاری هیچ دەردێکیان بۆ نەکراوە ، هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە دەسمایە کورتەکەی دەستی خۆیان : ڕۆژنامە یا گۆڤارەکەیان ، بکەن بە کەشکۆڵی دەروێش ، هەمووجۆرە بابەتێکی تیا بنووسن‌و لە هەموو شتێکی تێ‌بئاخنن . بیکەن بە بلەندگۆی سیاسی ، بە میحرابی مزگەوت ، بە پۆلی قوتابخانە ، بە دیوانی ئەدەب ، بە کتێبی مێژوو ، بە مووزەخانەی‌پاشماوەی کۆن ، بە تاقیگەی زمانەوانی ، بە پیشانگای فۆلکلۆر . لەکورتی بیبرینەوە لە هەموو جۆرە بابەتێکیان تیا نووسیوەو کۆکردووەتەوە ، چونکە ئەگەر وایان‌نەکردایە شوێنی‌تر نەبوو ئەم بابەتە جۆربەجۆرانەیان تیا بنووسری‌و زۆریان ئەفەوتان‌و هیچیشیان نەئەگەیشتە بەرچاوی خەڵك .

ئەمە وامان‌لێ‌ئەکا سەرەرای بایەخی سیاسی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کە لەم نزیکەی (٩٠) ساڵەی ڕابوردوودا دەرچووە ، ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە وەك ئەنسیکلۆپێدیای کولتوورو زانستی کوردو کوردستانیش تەماشا بکەین .

* * * * * * *

کە بڕیارماندا ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیی ئەم نزیکەی (٩٠) ساڵەی ڕابوردوو کۆکەرەوەی بەرووبوومی هەموو ژیانی ڕۆشنبیریی ئەو ماوەیەی کوردستانەو ، ئەوەیشمان هێنایەوە بەرچاو کە بەشێکی زۆر کەمی نەبێ ئەم بەرووبوومە نەکەوتووەتە بەرچاوی زۆرتری وەچەی ئیستاو بەڵکو چەند وەچەی پێشوویشمانو ، ئەگەر وەزعەکەیش بەم‌جۆرە بمێنێتەوە کە ئیستا هەیە وەچەکانی لەمەودواشیشمان شتێکی ئەوتۆیان لێی بەرچاو ناکەوێ ، تێ‌ئەگەین کە ئەرکێکی گەورە لەئەستۆی هەموو ئەو دەزگایانەدایە کە بە ناوی کوردەوەدامەزراون ، چ لە کوردستان – بەتایبەتی لە عێراقو لە کوردستانی عێراق – و چ لە وڵاتانی دەرەوە : ئەرکی کۆکردنەوەو لەچاپ‌دانەوەی هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یانەی تائیستا دەرچوونو بەئاسانی دەستی خەڵك ناکەون .

لە ساڵانی حەفتادا بەهیممەتی پیاوانەی برادەرێك ئەوەی بەردەست کەوتووە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌و ، بە هیممەتی برادەرێکی تریش سێ ژمارەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد – ١٩١٣) و (بانگی کوردستان – ١٩٢٢)و (ڕۆژی کوردستان –١٩٢٣–١٩٢٢) بە ئۆفسێت لەچاپ‌درانەوە . هەروا لەوساڵانەدا بەشە بەتیپی لەچاپ‌دراوەکەی گۆڤاری (هاوار) لە سوید لەچاپ‌درایەوە . ساڵی ڕابوردوویش (١٠) ژمارەی گۆڤاری (ژین – حیات) کە لە ساڵانی ١٩١٩–١٩١٨دا بە زمانی کوردی‌و تورکی‌و بە تیپی عەرەبی لە تورکیا دەرچووە ، بە لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزەوەو لەگەڵ وەرگێڕانی بەشە تورکی‌یەکەیدا بە کوردی‌و نووسینەوەی هەمووی بە تیپی لاتینی‌و بە ئۆفسێت کردنەوەی ئەسڵەکەشیەوە ، لەلایەن مامۆستا موحەممەد ئەمین بۆزئەرسەلانەوە ، لە دوو بەرگدا ، بەرودوا لەچاپ‌درایەوە .

هەروەها دوکتۆر جەمال نەبەزیش لە ئەڵمانیای فیدراڵی گۆڤاری (نیشتمان)ی بە دوو لێکۆڵینەوەی ئەڵمانی‌و کوردی‌یەوە لەچاپ‌داوەتەوە . تاقە ژمارەکەی گۆڤاری (پەیژە)ی مستەفا

شەوقیش لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکا لەلایەن مومتاز حەیدەری یەوە لەچاپدرایەوە .

بەڵام لەگەڵ بایەخی زۆری کاری هەموو ئەم برایانەیشدا . ئەرکەکە هێشتا بەزەقی لەپێشماندایەو پێویستی بە بیرلێکرکردنەوەو چارەکردنی زووبەزووە . ئیستاش گەلێ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان . نەخوازەلا کۆنەکانیان . کەسمان بەوردی نازانێ لە کوێو لای کێ دەستئەکەون .

ڕۆژنامەیوامان بووە . وەك ڕۆژنامە یەك لەدوای یەکەکانی پیرەمێرد . هەرچەند ئەبوو ئیستا بەتەواوی لە گەلێ شوێن دەسگیر بێن . شوێنیوا نی یە کۆمەڵێکی تەواوی لێیان تیابێ .

لە شوێنێکی وەکوو کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو کتێبخانەی مووزەخانەی سلێمانی . کۆمەڵێ ڕۆژنامەی جۆربەجۆری کوردی هەن ئەوەندە ئەمدەستو ئەوەدەستیان پیکراوەو خەڵك بۆ تەماشاو خوێندنەوە وەریانگرتوون . پەڕپووتبوونو دارِازونو . بێگومانم ئەگەر تا چەند ساڵێکی کەمیتر هەروا ئەمدەستو ئەودەستیان پێ بکرێ . لە بەرگە مقەبا ڕەقو تەقەکەیان بەولاوە شتێکی ئەوتۆیان نامێنێتەوە . من لەوباوەڕەدام دانی ڕۆژنامەو گۆڤاری وەك ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە نایاب ، بەمجۆرە ، بەدەستی خوێندەوارەوە . گوناحێکی گەورەیە لەئاست ڕابوردوو و داهاتووی نەتەوە . بۆ پیسەلماندنی ئەم قسەیەم ئەڵێم فەرموون کۆمەڵی ڕۆژنامەکانی پیرەمێرد : ژیان ، ژیانەوە ، ژینو ، ڕۆژنامەکانی لە هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی بەدواوە تا برانەوەی یەکجاریی بزووتنەوەی شێخمەحموودی حەفید ، لە کتێبخانەی کێدا بەتەواوی هەن ؟ باشە ئەگەر ئەم کۆمەڵە ڕۆژنامانەی کتێبخانەکانی سلێمانی بەتەواوی دڕانو فەوتان ، لە کوێ نوسخەیتریان چنگئەکەوێو ئیتر ئەبێ چییان بۆ بکەین ؟

لەبەرئەوە پێویستە دەزگاکانی ئەمینداریتیی گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی ، کتێبخانەی نیشتمانی ، کتێبخانەی مووزەخانەی عێراق ، نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بە لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یشیەوە . چ هەموو پێکەوەو چ جیا جیا . دەسوبرد بکەن پرۆژەیەك دانێن لە دوو قۆناخا . قۆناخی یەکەم بۆ وێنەگرتنەوەی بە میکرۆفیلمی هەموو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یانەی لە کتێبخانە ڕەسمیو ئەهلیو شەخسی یەکانی عێراقو دەرەوەدا هەن بە چەند نوسخەو دابەشکردنی ئەو نوسخانە بەسەر کتێبخانە گەورەکانی پارێزگاکاندا بۆ ئاسانکردنی کاری لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوانو بۆ دانانی ڕادەیەك بۆ بەردەستخستنی نوسخە قاقەزی یەکانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە . قۆناخی دووهەمیش بۆ لەچاپدانیان بە ئۆفسێتو خستنە بازاڕیان تا هەرکەس ئارەزووی هەڵگرتنیانی هەبێ بییانکڕێو . ئەوانەیش کەم نین .

هەروەها ئەوەیش پێشنیهاد ئەکەم کە کەسانێکی شایستەو لێهاتوو قۆڵی لێ هەڵماڵن بۆ بیبلیۆگرافیا بۆکردنی هەریەك لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە بە شێوەیەکی ووردو بێهەڵەو بە شارەزایی یەکی تەواوەوە لە هونەری بیبلیۆگرافیا نووسین . بەمە ڕێ خۆشئەکەین بۆ توێژەرەوەکانی هەموو لقەکانی زانستو کولتوور لە کوردستانا کە بزانن لە بابەتی پسپۆڕیی ئەوانا پێش خۆیان چیکراوەو چی نووسراوە ، تا کاری ئەمانیش پێوەند بێ بە کاری ڕابوردووانەوەو کەس لەخۆڕایی کاری یەکێکیتر دووبارە نەکاتەوەو بەتەواوی حیسابی کولتوورو زانستی خۆمان بزانین .

چەند مانگێك لەمەوپێش بە ڕاستکردنەوەی پرۆڤەکانی چاپی نوێی دیوانی حاجی قادری کۆیی یەوە خەریكبووم کە برایان کەریم شارەزاو سەردار میران ئامادەیان کردووەو مامۆستا مەسعوود محەمەد پیاچووەتەوە . لە کاتی ڕاستکردنەوەی پرۆڤەکاندا ، بەمەبەستی ئەوەی کارەکەی ئەو برایانە پوختتر بکەوێتە بەردەستی خوێندەواران ، ئەگەڕامەوە سەر کۆمەڵێ سەرچاوەی چاپو دەسنووس کە لە بەردەستی ئەو برایانەدا نەبوون . چەند پارچە شیعری حاجی کە لە تێکستە نوێکەدا

هەنو لە چاپە پێشووەکانی دیوانی حاجی‌یشدا بڵاوکراونەتەوە ، بە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)و (تێگەیشتنی ڕاستی)و (دیاریی کوردستان)یشدا هەبوون . بەڵام لەماندا ڕاستتر بوونو گەلێ هەڵەو گیروگرفتیان پێ چارەسەر کرا کە تائێستا بەزەق لە پێش چاوی خوێندەواراندا مابوونەوە . ئەمە یەکێکە لە ڕووەکانی بەبەخی لەچاپدانەوەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە . (لێرەدا بە موناسبی ئەزانم داخی خۆم بۆ ئەوە دەرببڕم کە دوکتۆر کەمال مەزهەر نەهات لەگەڵ لێکۆڵینەوە بەپێزەکەی خۆیا لە ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی» ، تێکستی تەواویشی بڵاوبکاتەوە . ئاواتم ئەوەیە جارێکی‌تر بگەڕێتەوە سەری‌و لەگەڵ دەست پیاهێنانەوەیەکی کتێبەکەیا بە چاپی بگەیەنێ) .

لەناو ئەدیبانی کوردا گێرەو کێشەیەکی گەورە هەیە لەبارەی ئەوەوە کە یەکەم چیرۆکی کوردی کامەیە ، لەکەیەوە دەست‌کراوە بە شانۆنامە نووسین لە کوردیدا ، کەی یەکەم‌جار بیر لە چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی نووسینی لە کوردی بە تیپی عەرەبی کراوەتەوە . ئەمانەو گەلێ بابەتی‌تر کە جێگای دەمەقاڵەو مشتومڕی ناو ئەدیبانن ، ئەگەر سەرجەمی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان لە بەردەستی خوێندەوارانا بوونایە ، ئەو هەموو کاتە بە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەوە سەرف نەئەکراو ، ئێستا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەو گەلێکی‌تریش بەئاسانی درابوەوە .

* * *

کوردستان گەلێ کەسی‌وای تیایە بێ‌سڵ‌کردنەوەو چاوترسان بە دەیان هەزار دینار بۆ کردنەوەی یانەیەکی ڕابواردن ، شانۆیەك ، نەخۆشخانەیەك ، مزگەوتێك خەرج‌ئەکاو ، ئێمە خۆمان لە کوردستانی عێراقا نموونەی وامان لە پێش‌چاوە . ئاواتەخوازم کەسانی‌وا هەر ڕوو لەزیادی بن‌و ، مەبەستیشم بە هیچ کلۆجێ بە کەم ڕوانینە ئەو جۆرە خزمەتانە نی‌یە کە هەرکامیان بگرێ کەم‌و زۆر جەماوەرێ کەڵکی لێ وەرئەگرن‌و لای ئەوکەسانەی پێوەندیان پێوە هەیە گەورەو بەبایەخە ، بەڵام لە هەموو حاڵێکا بایەخەکەی هەموو نەتەوەو سەرجەمی ژیانی کولتووریمان ناگرێتەوە . بۆیە زۆر جوان‌و بەجێ بوو ئەگەر کەسانی‌وا لەناو خۆیانا باربوویەکیان ڕێك‌بخستایە بۆ پێکەوەنانی پرۆژەیەك لە شارێکی ئەورووپا کە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموولایەکەوە بیگەنێ‌و توانای هونەری‌و هەمووجۆرە دەسەڵاتێکی‌تری تیابێ بۆ کۆکردنەوەو لەچاپدانەوەی تێکستی سەرجەمی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یە کەمیابەکان ، بێ خۆخەریك‌کردن بە هیچ کۆسپ‌و تەگەرەیەکی وەکوو ئامادەکردنی پێشەکی‌و لێکۆڵینەوەو شتی‌واوە کە ئەتوانرێ دوابخرێ بۆ پاشتر ، ئەوسا هەرکەس خۆی بە شایانی ئەو ئەرکە بزانێ پێ‌یەوە خەریك بێ .

* * *

وەك وتم ، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکانی ئەم هەشتا — نەوەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ، ئەنسیکلۆپێدیای ژیانی کولتووریی کوردن . دەسا با هەموو لەئاستی خۆمانەوە پێکەوە تێ‌بکۆشین بۆ لەچاپدانەوەی هەموویان بە چەند قۆناخ‌و ، پێشەکی لەوانەیانەوە دەست‌پێ‌بکەین کە لەهەموویان کەمیابترن .

ئەگەر لەم دوازدە ساڵەی داهاتوودا ، تا یۆبیلی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دادێت ، بتوانین ئەم ئەرکە جێ‌بەجێ بکەین خزمەتێکی گەورەو وەختە بڵێم لە هەموو خزمەتێ گەورەتری ژیانی کولتووریی خۆمانمان کردووە .

دەی ، با بە هەموومان ئەم چەپکە گوڵە ڕازاوە بهۆنینەوەو پێشکەشی یادی پیرۆزی داهاتووی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بکەین‌و ، لە بەرپێی گڵکۆی هەموو سەربازە ناسراوو نەناسراوەکانی ڕێگای بەئازادی نووسینی ڕۆژنامەی کوردیدا داینێین . ئەوانەی لەپێناوی گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و دەربڕینی ئازارو ئاواتەکانی گەلی کوردا تێکۆشان‌و بەهیوای کوردستانێکی لە هەموو بارێکەوە ئاوەدان‌و گەشەکردووەوە سەریان نایەوە .